# عێراق، فاتە ڕەشی (سپڵی) وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی، چۆن دامەزراودەبێ؟

**برایم جەلال**

ئەگەر کەمێك ئاوڕ لە رابردووی عێراق بدەینەوە، بەکورتی هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە سەردەمی سێ ویلایەتەکەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، کە ویلایەتەکانی(موسڵ ، بەغداد، بەسرە) دەبوون، کە پاش شەڕی جیهانی یەکەم و سەرکەوتنی هاوپەیمانان ئەو سێ ویلایەتە بووە پشکی ئینگلیز وەك پاداشتی سەرکەوتنەکەیان.

ئینگلیز لەو سەردەمەداو لەساڵی ١٩٢١ لە حوکمی وینستون چەرچلدا بەچاکی زانی کە ئەو سێ ویلایەتە و یەك وڵاتی لێ دروست بکات بە ناوی (عێراق)ەوە. ڕەنگە ئەو کاتە بۆ ئینگلیزولەدیدی بەرژەوەندی تایبەتی، سیاسی و ئابووری و بەڕێوەبەرایەتی خۆیانەوە بەو کارەیان سەرکەوتنێکیان بەدەست هێنابێت بەڵام بۆ عێراقێکی فرە نەتەوە فرە مەزهەب بوو بەمایەی سەقامگیر نەبوونی ئاشتی و ئاسایش و مەیدانی ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبی و تەنانەت ئایینیش.هەر لە ساڵی ١٩٢١ وە تا روخانی ڕژێمی بەعسی‌یان، هەرگیز عێراقی بەزۆر پێوەلکێنراو لەبارێکی ئارامی و ئاشتی و پێکەوە ژیانی خۆویستانەدا نەبووە.

شۆڕشەکانی کورد بەمەبەستی سەربەخۆیی یا جۆرێك لە سەربەخۆیی لە ١٩٢١ وە بەردەوام بووە داروخانی دوایین ڕژێمی دیکتاتۆری فاشی خەسڵەت کە بەعسیەکان بوون، لەگەڵ ئەو هەموو پەیمانانەی نێوان عێراق و ئێران و تورکیاش ڕاپەڕینەکانی شیعەش هەر لەو ساڵەوە بەردەوام هەبووە تا رووخانی ڕژێم .

گەر ناو بەناو (بەناو) ئارامیەکیش بوبێ لەناوچەکانی شیعە مەزهەبدا سەرئەنجامی گرێتە بەری ڕێگای کوشتن ولەناوبردن و تۆقادن و زیندانی کردنی بووە لەلایەن سونە مەزهەبی حوکم بەدەستەوە . قۆناغی دووهەمی بەهێزبوونی کێشەو ململانێی مەزهەبی نەتەوەیی لەعێراقدا لەچونە سەرحوکمی بەعسیانەوە دەست پێ دەکات کە هاوچەمك لەگەڵ خۆیدا بیری تیرۆریزمی ڕەفتاری تیرۆریستانەی بەرامبەر دژەکانی برەو پێدا.

حوکمی بەعس وەك خوێناویترین حوکمی ناوچەکە و ڕۆژهەلات بووە بەگەورەترین ناوەندی بەرهەم هێنانی درندەترین و فاشیترین دامودەزگای کۆکوژی تیرۆریستی و پەروەردەکەری کەسایەتی لەهەست و ڕەوش و ویژدان بەدەری بێ وێنە.

بەعسییەکان و سەرکردایەتییە داپڵۆسێنەرەکەی سەدام تەنها بۆ مانی خۆیان بە درندانەترین کاری تیرۆریستی هەڵدەستان بەرامبەر نەك هەر ئۆپۆزیسیۆنی شیعە و سوننە و کورد بەڵکو بەرامبەر ئەندامانی خۆیان تەنانەت لە ئەندامانی دامەزرێنەرانی بەعس و سەرکردایەتیەکەی خۆشیان گەر بچوکترین گومان لەملکەچیان بکرایە .

بەعسییەکان کەوتنە هاندان و هێنان و بەکارهێنانی دەیان و سەدان کەسانی توندڕەو لەفەلەستین و ئەردەن و سوریا و وڵاتانی ئیسلامی تریشەوە بەتایبەتی پاش شەڕی کوێت و ئابڵۆقە ئابورییەکەی سەر عێراق، لەماوەی ئەو ١١ ساڵەی ئابلۆقەی ئابورییە، لەژێر پەردەی دژایەتیکردنی ئەمەریکاو ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و بەناوی جیهادو عروبە لەژێر ئاڵای (الله اکبر) دەیان ڕێکخراو و تیپ و دەستەی تیرۆریستی لە ئەردەن و فەلەستین و ناوعێراق دروست کردو کەوتە هێنان و ڕێگەدان بەهەموو ڕێکخراوە (بەناو ئیسلامیەوە) تیرۆریستەکانی سەرلێشێواوی قاعیدەو جیهاد و تالەبانی ئەفغانستانی دۆڕاوی شەڕ، پەروەردەکردنیان و ڕێکخستنیان لەناو سوپاکەیدا کە بەرهەمەکەی سەدان و بگرە هەزاران گۆڕی بەکۆمەڵی پڕ لەئێسك و پروسکی شیعە و سوننەی ئۆپۆزسیۆن و کورد.

ئەم پرۆسە دورودرێژەی کاری تیرۆریستیانەی بەعسیان لەژێر ناوی ئیسلام و ئیسلامیزم و بەفاکتەری سوننە مەزهەبی، هێندەی تر کێشەی نێوان شیعە و سوننەی قوڵ کردەوە و بوە هۆی لەباربردنی زەمینەیەکی گونجاوی هەڵگیرسانی شەڕی تایەفەگەری کەلەقۆناغی سێهەمدا بەئاشکرا کەوتە ڕوو.

قۆناغی سێهەم سەرهەڵدان و گەشەکردن و بەهێز بوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی و ئایدیای تیرۆریزمی و پێکدادانی نێوان شیعە و سوننە بریتیە لە بریتیە لە قۆناغی پاش روخانی ڕژێمی بەعسیان ڕاستەخۆ لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانانەوە بەدەر لەهیچ کاریگەری و بەشدارییەکی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و عێراقیەکان (جگە لە کورد).

فاکتەرەکانی کاریگەری ئەم قۆناغە دەبێتە چوار بەش :

**یەکەم/ هەڵەی ئەمەریکا لە گرتنی عێراق**

ئەمەریکاو هاوپەیمانان لە لێدانی عێراق و گرتنی توشی کۆمەڵێك هەڵەی گەورەو پاشان کوشندەش بوون لەوانە.

١.ئەمەریکیەکان و هاوپەیمانان لەبری هێرش و پەلاماری ڕاستەوخۆ دەبوایە کۆمەکی پارەو چەك و تەقەمەنی ڕاستەخۆیان بەهێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بکردایە، تا ئۆپۆزسیۆنی عێراقی خۆیان حوکمی سەدام و بەعسیان بروخاندایە ئەو بیانوەیان نەدایەتە دەست دەوڵەتی عەرەبی و ئیسلامی و ڕێکخراوە تیرۆریستەکان کە بەبیانوی داگیرکردنی عێراق گوایە لەلایەن ئیمپریالیزمەوە بەرهەڵستی دەکەن و بەرگری بەرامبەر داگیردەکەن.

٢.پاش روخانی ڕژێم دەبوایە هاوپەیمانان ئەوەندەی گرنگیان بەشارەکانی بەسرە و بەغداد و موسڵ دا پتر گرنگیان بە گرتنی سنورەکانی عێراق بدایە بۆ ڕێگری لە دزە کردن و کۆچی بەکۆمەڵ و بەلێشاوی تیرۆریستان لەسنورەکانەوە بۆ ناو عێراق.

٣. دەبوایە پاش گرتنی بەغداد و روخاندنی سەدام هەموو دەسەلات و حوکمرانیەکی عێراقی بدایەتەوە بەعێراقیەکان و خۆیان وەك چاودێر لە دورەوە هاوکاری عێراقیەکانیان بکردایە لەهەر کارێکی بەرپەرچدانەوە..

ب. هەڵەی گەورەی ئەمەریکیەکان و هاوپەیمانان هەڵوەشاندنەوەو بێ یاسایی کردنی سوپا و هەموو دام و دەزگا سەرباز و پۆلیس و چەکدارەکانی عێراقی بوە کە دەبوایە ئەو دەسەلاتەیان بە ئۆپۆزسیۆن و مجلسی حوکم بکردایە، تا لەسەرخۆ و بێپەلە پەل کرد پاکسازی ناو سوپا و دام و دەزگا حکومیەکانیان بکردایە نەك پادشا گەردانەی کە بو بەهۆی:-

١. بێکار کردنی ملیۆنان موچە خۆری سوپاو پۆلیس دام و دەزگا حکومیەکانیان کە بو بەهۆی دروست بونی لەشکرێکی گەورەی هێزی مرۆیی بۆ تیرۆریستان.

٢. لەدەستدانی چەندین ملیار دۆلار کە بەوونبوونی دەستەی حوکمی سەدام وون بوون و پاشان بونە سەرچاوەیەکی ئابوری بەهێز بۆ تیرۆریستان.

٣. لەدەستدانی سەدان هەزار پارچە چەك و تەقەمەنی جۆراوجۆر لەو پاشا گەردانیەدا، ئەمەش زەمینەیەکی لەباری ڕەخساند بۆ خۆ پڕچەك کردنی تیرۆریستان و پاشماوەکانی بەعس.

٤. نەبونی حکومەت نەبونی سوپا نەبونی پۆلیس و دام و دەزگای حکومی و ڕێگەدانی عەمدی ئەمەریکیەکانیش نەریتێکی دژ بە دیموکرات و بەسودی بەرەلایی تیرۆریستی داهێنا کە بریتی بو لە تالان و بردنی موڵکی دەوڵەت وخەڵکی.

٥. دوا هەڵەی گەورەی ئەمەریکیەکان ئەوە بوو کە خۆیان بە پاسەوانی ئاسایشی عێراق و دامەزرێنەری دیموکراتی نەزانی، بەڵکو نە پاسەوانی بیرە نەوتەکان و بەرژەوەندیە ئابوریەکانی خۆیان و دەستی شیعەیان والا کرد لەسەندنەوەی تۆڵەی ٨٠ ساڵەی ژێر دەستەییان لە سوننە و بەرپابونی شەڕی شیعە و سوننە.

ڕەوکردنی تیرۆریستە عەرەبی و ئیسلامی و تۆرەکانی ئەلقاعیدەو موجاهیدین و تالیبان و دەیان ڕێکخراوی تر، لەژێر ناوی تر بەرەو عێراقێکی پاشاگەردان و بێ یاسا و بێ حکومەت و بێ دام و دەزگای حکومی هێندەی تر عێراق بووبە سپڵی (فاتە ڕەش)ی کۆکەرەوەی هەموو میکرۆب و جروجانەوەرەکانی تیرۆریستی و بوو بە بنکەی تیرۆرزمی جیهانی.

دووهەم فاکتەری کێشەی نێوان شیعەو سوننە وەك لە پێشەوە ئاماژەیان پێدا کێشەی نێوان شیعە و سوننە جگە لە جیاوازی بیرو ئایدیاو بۆچونیان بۆ بەڕێوە بردنی حوکم و جۆری حوکم یا ئیسلامی یا عیلمانی، کێشەیەکی گەورەی تری خۆبەخاوەندارێتی عێراق زانیان هەیە ئەویش بریتیە لە:

١-سوننە خۆی بەخاوەنماف دەزانێ لە حوکمرانی عێراقدا سەبارەت بەوەی کە هەر لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی سوننە مەزهەبەوە تا لکاندنی سێ ولایەتەکە و عێراقی دروستکراوی دەستی ئینگلیز و پاشانیش بە درێژایی ٨١ ساڵی حوکم بەڕێوەبردنی عێراق لەلایەن خۆیانەوە، هەرگیز نەبەراوی دەزانن و نە قایلیش دەبن حوکم بدرێتە دەست شیعە و سوننە تیا پاشکۆبێت.

٢-شیعەش کە زۆرینەی دانیشتوانی عێراق و خۆیان بەغەدر لێکراوی مێژوو دەستی سوننە دەست نادات ئەم هەلە زێرینەیان دەست کەوتووە هەرگیز ئامادە نین و بەرەوای نازانن جارێکتر بکەونەوە ژێر دەسەلاتی سوننە مەزهەبەوە، ڕێنەکەوتنی ئەو دوو لایەنەی عێراق لەسەر جۆرێك لە سیستمی حوکمرانی و برینی قوڵی نێوەانیان فاکتەری دووەمی بەهێز بوونی تیرۆریستانە، کەبەشێکی زۆریان لەژێر چەتری سەر بە شیعە و سوننە کارە تیرۆریستەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن.

**سێهەم فاکتەری ئیقلیمی:**

دیسان هەڵەی سیاسەتی ئەمەریکا لە گرتنە بەری سیاسەتی دژایەتی کردنی دوو دەوڵەت ئیقلیمیەکەی ئێران و سوریا کە زۆرترین بەشی سنوری عێراقیان پێوە بەستراوە، زۆر بە کورتی و بەکوردی هەڕەشەو گورەشەی ئەمەریکا لەو دووانە یارمەتی دانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و سوری بە ئاشکرا وای لەو دوو حکومەتە کرد کە هەردووکیان چەند بۆیان بکرێت نەهێڵن ئارامی و ئاسایش لە عێراقدا سەقامگیربێت و درێژە بەو پاشاگەردانی و نا ئارامی و پەشێویەی ناو عێراق بدەن، تا ئەمەریکا نەپەرژێتە سەر ئەوان، هەر بەو مەبەستەش ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە بەهێز کردن و تەدریب پێکردن و کۆمەك پێکردنی تیرۆریستان، لەڕێگەی (حزب الله) ی نصر الله و حەماسی فەلەستین و لەڕێگەی راستەوخۆی خۆشیانەوە.

چوارەم: فاکتەری چوارەم بەهێز بوونی تیرۆریستان و خۆشکەری ئاگری شەڕی نێوان شیعەو سوننە بریتیە لە درێژە کێشانی پرۆسەی لێدانی بەعس ، کەبوو بەهۆی ساز بوونی زەمینەیەکی لەبار بۆ پیاچونەوەی ڕێکخستنەوەی خۆیان و تێکەڵ بونەوەی هەردوو باڵە بەناو چەپ و ڕاستەکەی بەعسیان و کارکردن بۆ گرتنە دەستی جڵەوی تیرۆریستی لەژێر ناوی( بەرەنگاری ئەمەریکا- المقاومە الامریکیە) بەعسیەکان بە چەپ و ڕاستەوە پاش روخانی ڕژێمەکەیان نەك هەر لە ناو عێراق و سوریادا کەوتنە خۆ ڕێکخستن بەڵکو لە دەرەوەی عێراق و سوریا کەوتنە خۆڕێکخستن و هەڵپەکردن بۆ پەیدا کردنی پشتیوانی بە ناوی (بەرگری دژە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا)وە.

بۆ بەڵگە ناوی چەند ڕێکخراوێکی توند ڕەو بە ناو زۆر چەپ و زۆر دژە ئەمەریکایی لێرەدا دەنوسین کە هەر لە روخانی حوکمەوە بوونە دۆست و هاوپەیمانی بەعسیەکان لە دەرەوەی عێراق:

١.ڕێکخراوی دژە ئیمپریالیزم لە شاری دویسبورگ لە ئەلەمانیا .

٢.کۆمیتەی دژە ئیمپریالیزم و شەر لە شاری نورمبرگ لە ئەلەمانیا.

٣.بەرەی چەپی هەنگاری.

٤.لاوانی چەپی ڤیسل

٥.ڕێکخراوی ئەستێرەی سوور.

٦.ڕێکخراو(٤٢)ی چەپ لە ڤیێننا (نەمسا).

٧.ڕێکخراوی ئامۆژگاری بۆ خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلانی ئیران- مجاهدینی خەڵك- ڤیێننا- نەمسا.

٨.بزوتنەوەی خەباتگێرانی چەپ لە تیۆرینگن لە ئەلەمانیا.

٩. پارتی چەپی دیموکراتی گەلی لە مەکسیکۆ.

١٠. کۆمەڵەی عەرەبی فەلەستینی لە ڤیێننا(نەمسا)

١١. پارتی کۆمنیستی کرێکاری ئێران.

١٢. پارتی کۆمنستی کرێکاری عێراق.

١٣.ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ئەوروپا.

١٤. ئەنصار ئیسلام ، ئەنصار سوننە، تالیبان ، ئەلجیهاد، مجاهدین لە ئەوروپا .

ئەمانە هەموویان هاوکارو پشتیوانی خۆیان لەپاشماوەکانی بەعس دەردەبڕی و ئێستاش هاوکاریان دەکەن دژ بە عێراق و گەلانی عێراق لەژێر ناوی (بەرەی نیشتمانی عێراقی- الجبهة الوطنية العراقية) .



برایم جەلال

**ئەنجامی ئایندەی عێراق**

بۆ لێدوان لەسەر ئایندەی عێراق زۆر ستەمە لەم بارودۆخە زۆر ئاڵۆزەی عێراقدا بتوانرێت بارودۆخی سیاسی حوکمی عێراق دیاری بکرێت، تەنها ئەوە دەکرێت لەسەر ڕۆشنایی رابردوو و ئێستاش ڕەوشی عێراق مرۆڤ بۆچونەکانی خۆی دەربڕێت و ئیحتمالەکان دەستنیشان بکات.

سەبارەت بە ئایندەی عێراق و دەرچونی لەم قەیرانە سیاسیە حوکمی ئاسایش و ئابوریەی عێراق بکرێتە سێ بەش :

یەکەم: کۆکردنەوەی هەموو دەسەلاتەکان لە ناوەندێکی بەهێزدا کە بتوانێ سوپایەکی یەکگرتوو بنیات بنێ و چەك چنی سەرتاسەری لە عێراقدا بکات و دەسەلاتێکی بەهێز و ناوەندی پایەدار بکات. واتە جارێکی تر گەڕانەوە بۆ حوکمی عەسکەرتاری ناوەندی دیکتاتۆری ئەو کە سەرکوتکەری هەموو جۆرە سەرهەڵدانێك بێت، ئەم بۆچونە لانی کەم لەم بارودۆخەی ئێستای عێراقی بێ سوپا و بێ چەك و خاوەن ئابوریەکی داڕووخاو لەلایەك و فرە میلیشیای چەکدارو بەهێز و خاوەن پشتیوانی دەرەکی ئێرانی حزب و الله و سوری و سعودی و..هتد. ئەگەر مەحاڵ نەبێت تا ڕادەیەك سیستمەکە لەماوەی چەندین ساڵی تردا جێبەجێ بکرێت.

دووەم: گرتنەبەری سیستمێکی مۆدێرن کە بڕوای (بەپێکەوە ژیان- و بنچینەی سەربەخۆیی شیعە و سوننە و کورد) ئەویش دیارە کە سیستمی فیدرالیەو کورد لای خۆیەوە بونیاتی ناوە و پەیڕەویشی کردوە بەڵام بە کۆمەڵێك کێشە و گرفتەوە کە بەهۆی حکومەتی ناوەندەوە تووشی بووە، وەك کێشەی ماددەی ١٤٠ و ناوچە دابڕاوەکان لە کوردستان، کێشەی ئابوری و داهاتی کە بەلوعەکەی بەدەست ناوەندەوەیە.

ئەم سیستمە گەرچی وەك بنەماو وەك دەستوریش پەسەند کراو تا رادەیەکی باش دەنگی گەلانی عێراقی وەرگرتوە، بەڵام تا ئێستا پراکتیزە نەکراوە لەسەر زەوی عێراقدا، واتا لە خوارووی شیعە مەزهەب و ناوچەی ڕۆژئاوای سوننە مەزهەبدا.

ڕەوتی روداوەکانی ڕۆژانەش ئەوە دەگەیەنێ کە نە سوننە مەزهەبەکان بەو سیستمە قایلن و نەشیعە مەزهەبەکانی ناوەراستی عێراقیش، کە تێکەڵاوی چڕی دانیشتوانیان لەگەڵ سوننە مەزهەبەکاندا هەیە .

سێهەم: گەڕانەوە بۆ دابەشکردنەوەی عێراق بۆ سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی واتە سەربەخۆ، بەڵام دیموکراتی و مۆدێرن و خاوەن پەرلەمان و دەستور و دەسەلاتی دیبلۆماسی و پەیوەندی سیاسی و ئابوری و بازرگانی ئازادو خاون هێزی چەکداری تایبەت واتە سوپای تایبەت بەخۆی لە ناو حکومەتێکی مەرکەزی دەسەلاتی دیاریکراودا، بەرای من ستەمە جارێکی تر شیعەو سوننەو کورد لە ناو بۆتەی عێراقێکی یەکگرتوودا بتوێنرێنەوە، پێشم وایە ئایندەی عێراق هەر بەرەو ئەم حاڵەتەیان دەچێ و دەشبێ بۆ سەقامگیرکردنی ئارامی عێراق و ناوچەکەش هەر ئەم ڕێگەیان بگرێتە بەر، کە گەلێك فاکتەرو هۆکاری سەلمێنەر هەیە بۆ گرتنە بەری ئەم چارەیە کە لێرەدا باسکردنیان، لەناو بابەتێکی وا کورتدا لێدوانی لەسەری ناکرێ، بگرە ئەمە لێدوانی زۆر هەڵدەگرێت و دەکرێ لە ئایندەیەکی نزیکدا وەك پرۆژەیەك لەلایەن لێکۆڵەرەوانەوە لێدوانی لە سەر بکرێت.

# کورد لەهاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا

**شەوکەت حەمەساڵح**

کوردستان هەر لەکۆنەوە، بۆتە جێگای لابەلاکردنەوەی گێرمەو کێشەو گرفتەکانی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکانی سەردەمانی زوو. زۆربەی شەڕو پێکدادانی نێوانیان لەو هەرێمەدا بووە، گەلەکەشمان باجی قورسی داوە. کاول بوون و ماڵ وێرانی و ڕەشەکوژی پەرتەوازەبونیش بۆتە نەگبەتی و نەهامەتی بۆمان، شەری نێوان ئەسکەندەری مەکدۆنی و داریوشی ئێرانی، شەڕی چاڵدێران و سەوداو مامەڵەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی صەفەوی نمونەی ئەو کارەسات و نسکۆیە گەورانەن.

کوردستانی خوارو لە سەرەتای سەدەی رابردوو تا راپەڕینی ١٩٩١ هەمان زنجیرەی تەواوکەری ئەم مێژووەی زەمانی زوو بوو کە بەمیرات بۆی جێمابوو، ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەهەمان عەقلیەت مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، بەتایبەتی درەندەترینیان ڕژێمی بەعس بوو کە هەموو توانایەکی خۆی لەم بوارەدا وەگەر خستبوو.

١- پەیمانی بەریتانیا- عێراق - تورکیا ١٩٢٦/٥/١١

٢- تورکیاو عێراق (پەیمانی حسن الجوار) ١٩٢٦/٦/٧

٣- پەیمانی گۆڕینەوەی تاوانباران- تورکیا -عێراق ١٩٣٢/١/٩

٤- پەیمانی ڕەنگ ڕشتنی سنور -عێراق- ئێران ١٩٣٧/٧/٤

٥- پەیمانی سەعد ئاباد- تورکیا -عێراق- ئێران- ئەفغانستان ١٩٣٧/٧

٦- پەیمانی حسن الجوار تورکیا- عێراق ١٩٤٦

٧- پەیمانی بەغداد عێراق- ئێران- پاکستان- بەریتانیا ١٩٥٥

٨- ڕێکەوتنی جەزائیر ئێران- عێراق ١٩٧٥/٣/٦

٩- ڕێکەوتنی تورکیا- عێراق، بۆ راگواستنی دیهاتەکانی سەر سنور ١٩٧٦

١٠- عێراق- تورکیا ١٩٨٤

ئەمە سەرەرای ڕێکەوتنی ناوچەیی و نهێنی تر، سەرەرای رۆڵی سەلبی زل هێزەکان و رای نێو نەتەوەیی کەلە ئاستی وێرانکاری کوردستان و کۆمەڵکوژی و بەکارهێنانی مۆدێرنترین چەکی سەردەم، تا کاریان گەیاندە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و لەلایەن یەکێتی زانایانی ئیسلامەوە فتوای ئەنفالی ئەم گەلە ستەمدیدەیەدرا، کەڕولاڵ بوون.

داهاتووی کوردستانی ئازادو بەرەوپێشەوەبردن و پارێزگاری لێکردنیشی هەر لە ئەستۆی پێشمەرگەدایە. ئەمەی سەرەوە راستییەکە ئەگەر دوای راپەڕین نەیدیوەو نەیزانیوە گلەیی لەسەر نییە، بەڵام پێویستە رابردووی خۆی بزانێ و فێربێت نەهامەتیەکانی ئەو سەردەمە بکاتە پەندو کەڵکی لێوەرگرێ بۆ شکاندنی تەوقی ترس و شەرمی دەروونی و لێکدانەوەی پڕلە بەدگومانی و رارایی و سلەمینەوەی نابەجێ و توردانی قسەی هەلەق و مەلەقی پەناو پەسێری بێ بەرپرسیاری و دوور لە کوری خەباتی سەخت و دژواری شۆڕش.

نەوەی نوێ ئەبێ بزانێ ئەو ئازادییەی ئەمرۆ، بەرەنجی شانی باووباپیرانێتی کەلە هەشتا ساڵی رابردوودا خەباتیان بۆ کردووە لە شۆڕشی شێخ محمود و بارزان و ئەیلول و شۆڕی نێدا.

ئازادی ئەمڕۆمان پێنەبەخشراوە، بەڵکو بەخوێن سەندراوە نەوەی نوێ لەسەرەتی رابردووی خۆی بزانێ و ئیمرۆو ئایندەش پارێزگاری و بەرەوە پێشەوە بەرێ، ئەم ئازادییەش هەر لە ئەستۆی ئەو دایە، خەبات و تێکۆشان زۆری بەبەرەوە ماوە.

دوژمنانی ئازادی و دیموکراتی زۆرن، چ لە ئاستی ناوچەکەو چ لە ناوخۆی کوردستانیشدا دەستەوەستانیش ناوەستن، نەوەی نوێ لەسەریەتی ڕۆشنبیربێت و ئاراستەی خەباتەکەی بۆ دیموکراتیەت و ئازادی یەکسانی ژن و پیاو مافی مرۆڤ و بە مەدەنی کردنی کۆمەڵ بێت.